**تکایە، خاسی مەکەن، با خراپتر نەبێت! ٥/**

ئاکۆ مارانی

٢٠٢٥/٠٨/٢٥

ڎ ، ۊ ، ڽ ، ڨ ، ڀ  (فۆن) یان (ئەلەفۆن)؟

.٥

/ڀ/ يڀ Ị ژێرە (چڕە) 1 : یەکێکە لە فۆنێمە تایبەتەکانی ئاخاوتنی هۆرامی و لە سەرتاسەری ناوچەکانی هۆرامان و لەنێو گشت دیالێکت و بنەدیالێکتە هۆرامییەکان واتای واژەکان دەگۆڕێت و جووتواژەکان* لە یەکدی جیادەکاتەوە، لەوانە:

- گشت کرداره ڕابوردوە دوورەکان (کرداره یەکجارەکییەکان)  بۆ یەکەم کەسی تاک و کۆ، دوەمی تاک و کۆ، سێیەمی تاک و کەسی یەکەم و کۆ:
وارڎەبڀ : خواردبوو ؛ واردەبێم : خواردبووم ، وازتەبڀ : خوازتبوو ؛ وازتەبێت : خوازتبووت ، کێیاستەبڀ : ناردبوو ؛ کێیاستەبێش : ناردبووی ،  برڕەبڀ : بڕیبوو ؛ بڕەبێما : بڕیبوومان ، ۊزتەبڀ : خستبوو ؛ ۊزتەبێتا : خستبووتان ، خرابنابڀ : خراپکردبوو ؛ خرابنابێشا : خراپیانکردبوو، ...تد

- گشت کرداره ڕابوردوە تەواوەکان (کرداره یەکجارەکییەکان) بۆ یەکەم کەسی تاک و کۆ، دوەم کەسی کۆ:
من لۊانڀ : من ڕۆیشتم، ئیمە لۊایمڀ : ئێمە ڕۆیشتین، شمە لۊایدڀ : ئێوە ڕۆیشتن، ...تد.

- گشت کرداره ڕابوردوە نزیکەکان (کرداره یەکجارەکییەکان) بۆ یەکەم کەسی کۆ، دوەم کەسی کۆ، سێیەمی کۆ :
 ئیمە لۊێنمڀ : ئێمە ڕۆیشتووین، شمە لۊێندڀ : ئێوە ڕۆیشتوون، ئاڎڀ لۊێنڀ : ئەوان ڕۆیشتوون، ... تد.

- گشت کرداره ڕابوردوە دوورەکان (کرداره یەکجارەکییەکان)، کاتێک یەکەم کەسی تاک و کۆ ، دوەم کەسی تاک و کۆ، سێیەم کەسی تاک و کۆ کارێک بۆ/دژ/لەتەک سێیەم کەسی کۆ ئەنجام بدات، نموونە:
 من ... پەی ئاڎێشا بەرڎەبڀ : من ... بۆ ئەوان بردبوو، ئیمە ... پەی ئاڎێشا بەرڎێبێنڀ : ئێمە ... بۆ ئەوان بردبوون، تو ... چە ئاڎێشا دزیەبڀ : تۆ ... لە ئەوان دزیبوو، شمە ... جە ئاڎێشا دزیێبێنڀ : ئێوە ... لە ئەوان دزیبوون، ئاڎ/ئاڎە چنی ئاڎێشا ... وارڎەبڀ : ئەوm/ئەوf لەتەک ئەوان ... خواردبوو، من/ئیمە/تو/شمە/ئاڎ/ئاڎە/ئاڎڀ ... چنی ئاڎێشا وارڎەبڀ/وارڎێبێنڀ : من/ئێمە/تۆ/ئێوە/ ئەوm/ئەوf/ئەوان لەتەک ئەوان ... خواردبوو/خواردبوون.

- گشت کرداره ڕابوردوە تەواوەکان (کرداره یەکجارەکییەکان)، کاتێک یەکەم کەسی تاک و کۆ ، دوەم کەسی تاک و کۆ، سێیەم کەسی تاک و کۆ کارێک بۆ/دژ/لەتەک سێیەم کەسی کۆ ئەنجام بدات، نموونە:
 من/ئیمە .... پەی ئاڎێشا بەرڎڀ : من/ ئێمە .... بۆ ئەوانمان بردن ، تو/شمە .... جە ئاڎێشا دزیڀ : تۆ/ئێوە ... لە ئەوان دزین ، ئاڎ/ئاڎە/ئاڎڀ چنی ئاڎێشا ... وارڎڀ : ئەو m/ئەوf / ئەوان لەتەک ئەوان .... خواردن، ...تد.

- گشت کرداره ڕابوردوە نزیکەکان (کرداره یەکجارەکییەکان)، کاتێک یەکەم کەسی تاک و کۆ ، دوەم کەسی تاک و کۆ، سێیەم کەسی تاک و کۆ کارێک بۆ/دژ/لەتەک سێیەم کەسی کۆ ئەنجام بدات، نموونە:
 من/ئیمە ... پەی ئاڎێشا بەرڎێنڀ : من/ ئێمە ... بۆ ئەوان بردوون ، تو/شمە ... جە ئاڎێشا دزیێنڀ : تۆ/ئێوە لە ئەوانتان دزیون ، ئاڎ/ئاڎە/ئاڎڀ چنی ئاڎێشا ... وارڎێنڀ : ئەو m/ئەf /ئەوان لەتەک ئەوان ... خواردوون، ...تد.

- گشت کرداره ڕابوردوە بەردەوامەکان، کاتێک یەکەم کەسی تاک و کۆ ، دوەم کەسی کۆ، سێیەم کەسی تاک کارێک بۆ/دژ/لەتەک سێیەم کەسی کۆ ئەنجام بدات، نموونە:

من ... پەی ئاڎێشا بەرابەرێنێ : من ... بۆ ئەوان دەبردن ، ئێمە ... پەی ئاڎێشا بەرایبەرێنمێ : ئێمە ... بۆ ئەوان دەبردن ، شمە ... جە ئاڎێشا دزایدزێندێ : ئێوە .... لە ئەوان دەدزین ، ئاڎ/ئاڎە چنی ئاڎێشا ... وەرایوەرێ : ئەو m/ئەوf لەتەک ئەوان ... دەخوارد، ئاڎێ چنی ئاڎێشا ... وەرایوەرێنێ : ئەوان لەتەک ئەوان ... دەخواردن، ...تد.

- گشت کرداره ڕانەبوردوە سادەکان (کرداره یەکجارەکییەکان) بۆ یەکەم کەسی کۆ ، دوەم کەسی کۆ :
ئێمە موەرمێ : ئێمە دەخۆین ، شمە مووسدێ : ئێوە دەخەون،...تد

- گشت کرداره ڕانەبوردوە بەردەوامەکان (کرداره یەکجارەکییەکان) بۆ یەکەم کەسی کۆ ، دوەم کەسی کۆ :
ئێمە موەرایموەرمێ : ئێمە دەخۆین ، شمە مووسایمووسدێ : ئێوە دەخەون، ...تد

- گشت کرداره داهاتوە (کرداره یەکجارەکییەکان) بۆ یەکەم کەسی کۆ ، دوەم کەسی کۆ :
ئێمە موەرمێ : ئێمە دەخۆین ، شمە مووسدێ : ئێوە دەخەون، ...تد

- گشت کرداره داهاتوەکان (کرداره یەکجارەکییەکان)، کاتێک یەکەم کەسی کۆ ، دوەم کەسی کۆ، کارێک بۆ/دژ/لەتەک سێیەم کەسی کۆ ئەنجام بدات، نموونە:
ئێمە .... پەی ئاڎێشا بەرمێ : ئێمە ... بۆ ئەوان دەبەین ، شمە ... جە ئاڎێشا دزدێ : ئێوە ... لە ئەوان دەدزن، ...تد

- گشت کرداره فەرمانییەکان (کرداره یەکجارەکییەکان)، بۆ دوەم کەسی کۆ، نموونە:
شمە بوەرڎێ : ئێوە بخۆن ، شمە مەوەرڎێ : ئێوە مەخۆن، شمە نەوەرڎێ : ئێوە نەخۆن، ... تد.

هەر وەها

/ێ/ ێ **ê : یەکێکە لە فۆنێمەکانی ئاخاوتنی هۆرامی و لە سەرتاسەری ناوچەکانی هۆرامان و لەنێو گشت دیالێکت و بنەدیالێکتە هۆرامییەکان واتای واژەکان دەگۆڕێت و جووتواژەکان لە یەکدی جیادەکاتەوە، لەوانە:

- گشت کرداره ڕابوردوە دوورەکان (کرداره فرەجارەکییەکان) بۆ یەکەم کەسی تاک و کۆ، دوەمی تاک و کۆ، سێیەمی تاک و کەسی یەکەم و کۆ:
وارڎەبێ : خواردبوەوە ، وازتەبێ : خوازتبوەوە ، کیاستەبێ : ناردبوەوە ، بڕیەبێ : بڕیبوەوە ، ۆزتەبێ : خستبوەوە ، خرابنابێ : خراپکردبوەوە ، ...تد

- گشت کرداره ڕابوردوە تەواوەکان (کرداره فرەجارەکییەکان) بۆ یەکەم کەسی تاک و کۆ، دوەم کەسی کۆ:
من لۋانێ : من ڕۆیشتمەوە، ئێمە لۋایمێ : ئێمە ڕۆیشتینەوە، شمە لۋایدێ : ئێوە ڕۆیشتنەوە، ...تد.

- گشت کرداره ڕابوردوە نزیکەکان (کرداره فرەجارەکییەکان) بۆ یەکەم کەسی کۆ، دوەم کەسی کۆ، سێیەمی کۆ :
ئێمە لۋێنمێ : ئێمە ڕۆیشتووینەتەوە، شمە لۋێندێ : ئێوە ڕۆیشتوونەتەوە، ئاڎێ لۋێنێ : ئەوان ڕۆیشتوونەتەوە، ... تد.

- گشت کرداره ڕابوردوە دوورەکان (کرداره فرەجارەکییەکان)، کاتێک یەکەم کەسی تاک و کۆ ، دوەم کەسی تاک و کۆ، سێیەم کەسی تاک و کۆ کارێک بۆ/دژ/لەتەک سێیەم کەسی کۆ ئەنجام بدات، نموونە:
من ... پەی ئاڎێشا بەرڎەبێ : من ... بۆ ئەوان بردبوەوە ، ئێمە ... پەی ئاڎێشا بەرڎێبێنێ : ئێمە ... بۆ ئەوان بردبوونەوە ، تۆ ... چە ئاڎێشا دزیەبێ : تۆ ... لە ئەوان دزیبوەوە ، شمە ... جە ئاڎێشا دزیبێبێ : ئێوە ... لە ئەوان دزیبوونەوە ، ئاڎ/ئاڎە چنی ئاڎێشا ... وارڎەبێ : ئەو m/ئەوf لەتەک ئەوان ...

خواردبوەوە، من/ئێمە/تۆ/شمە/ئاژ/ئاژە/ئاژێ ... چنی ئاژێشا وارژەبێ/وارژێبێ : من/ئێمە/تۆ/ئێوە/ ئەوm/ئەوf/ئەوان لەتەک ئەوان ... خواردبوەوە/خواردبوونەوە.

- گشت کرداره ڕابوردوه تەواوەکان (کرداره فرەجارەکییەکان)، کاتێک یەکەم کەسی تاک و کۆ ، دوەم کەسی تاک و کۆ، سێیەم کەسی تاک و کۆ کارێک بۆ/دژ/لەتەک سێیەم کەسی کۆ ئەنجام بدات، نموونە:
من/ئێمە .... پەی ئاژێشا بەرژێ : من/ ئێمە .... بۆ ئەوانمان بردنەوە ، تۆ/شمە .... جە ئاژێشا دزێ : تۆ/ئێوە ... لە ئەوان دزینەوە ، ئاژ/ئاژە/ئاژێ چنی ئاژێشا ... وارژێ : ئەو m/ئەوf / ئەوان لەتەک ئەوان .... خواردنەوە، ...تد.

- گشت کرداره ڕابوردوه نزیکەکان (کرداره فرەجارەکییەکان)، کاتێک یەکەم کەسی تاک و کۆ ، دوەم کەسی تاک و کۆ، سێیەم کەسی تاک و کۆ کارێک بۆ/دژ/لەتەک سێیەم کەسی کۆ ئەنجام بدات، نموونە:
من/ئێمە ... پەی ئاژێشا بەرژێنێ : من/ ئێمە ... بۆ ئەوان بردوونەتەوە ، تۆ/شمە ... جە ئاژێشا دزێنێ : تۆ/ئێوە لە ئەوانتان دزیونەتەوە ، ئاژ/ئاژە/ئاژێ چنی ئاژێشا ... وارژێنێ : ئەو m/ئەf /ئەوان لەتەک ئەوان ... خواردوونەتەوە، ...تد.

- گشت کرداره ڕابوردوه بەردەوامەکان، کاتێک یەکەم کەسی تاک و کۆ ، دوەم کەسی کۆ، سێیەم کەسی کۆ کارێک بۆ/دژ/لەتەک سێیەم کەسی کۆ ئەنجام بدات، نموونە:
من ... پەی ئاژێشا بەرابەرێنێ : من ... بۆ ئەوان دەبردنەوە ، ئێمە ... پەی ئاژێشا بەرایبەرێنمێ : ئێمە ... بۆ ئەوان دەبردنەوە ، شمە ... جە ئاژێشا دزایدزێندێ : ئێوە .... لە ئەوان دەدزینەوە ، ئاژ/ئاژە/ئاژێ چنی ئاژێشا ... وەرایوەرێنێ : ئەو m/ئەوf /ئەوان لەتەک ئەوان... دەخواردنەوە، ...تد.

- گشت کرداره ڕانەبوردوه سادەکان (کرداره فرەجارەکییەکان) بۆ یەکەم کەسی کۆ ، دوەم کەسی کۆ :
ئێمە موەرمێ : ئێمە دەخۆینەوە ، شمە مووسدێ : ئێوە دەخەونەوە،...تد

- گشت کرداره ڕانەبوردوه بەردەوامەکان (کرداره فرەجارەکییەکان) بۆ یەکەم کەسی کۆ ، دوەم کەسی کۆ :
ئێمە موەرایموەرمێ : ئێمە دەخۆینەوە ، شمە مووسایمووسدێ : ئێوە دەخەونەوە، ...تد

- گشت کرداره داهاتوەکان (کرداره فرەجارەکییەکان) بۆ یەکەم کەسی کۆ ، دوەم کەسی کۆ :
ئێمە موەرمێ : ئێمە دەخۆینەوە ، شمە مووسدێ : ئێوە دەخەونەوە، ...تد

- گشت کرداره داهاتوەکان (کرداره فرەجارەکییەکان)، کاتێک یەکەم کەسی کۆ ، دوەم کەسی کۆ، کارێک بۆ/دژ/لەتەک سێیەم کەسی کۆ ئەنجام بدات، نموونە:
ئێمە .... پەی ئاژێشا بەرمێ : ئێمە ... بۆ ئەوان دەبەینەوە ، شمە ... جە ئاژێشا دزدێ : ئێوە ... لە ئەوان دەدزنەوە، ...تد

- گشت کرداره فەرمانییە سادەکان (کرداره فرەجارەکییەکان)، بۆ دوەم کەسی کۆ، نموونە:
شمە بوەرژێ : ئێوە بخۆنەوە ، شمە مەوەرژێ : ئێوە مەخۆنەوە، شمە نەوەرژێ : ئێوە نەخۆنەوە، ... تد.

بێجگە لە واتاگۆڕین و جیاکردنەوەی جووتواژەکان لەو گشت بارە کرداریيانەی لای سەرەوە، فۆنێمی ژێرە /ڍ/ لە باری ناوی گشتی ڕەگەز مێینە و باری تاکناوی نەناسراو، هەر وەها لە باری پاشگری ئاوەڵناو لە باری ئاسایی لە یەکدی جیادەکاتەوە:

١. <u>ناو</u>

کناچێ | کناچێۆە : کچێک

کناچيٚ : کچ/کچان

٢. <u>ئاوەڵناو</u>

گولانێ : گچکە (ئاوەڵناوی ناوی مێینەی نەناسراو)

گولانيٚ : گچکۆکە / گچکۆکان (ئاوەڵناوی ناوی گشتی تاکناو و کۆناو)

<u>نموونەی بۆ هەبوونی هەر دوو فۆنێمەکە /ێ/ ، /يٚ/ لەنێو ناو، نموونە:</u>

<u>ناو:</u>

سێڵيٚ : تەڕەهەڵوا

وێوڵيٚ : بووکۆکە

کێڵيٚ : خانەباخان

<u>نموونەی بۆ هەبوونی هەر دوو فۆنێمەکە /ێ/ ، /يٚ/ لەنێو کردار (کرداری بکەرنادریار لەباری کۆ):</u>

سۊتێنێ : سووتاونەتەوە ، بریێنيٚ : براون ، وریێنيٚ : خوراون ، چڕیێنيٚ : بانگکراون ، گیریێنيٚ : گیراون ، گریێنيٚ : کوڵاون ، دۊڕیێنيٚ : دۆڕاون، ..تد

چەند نموونەیەکی دیکەی فۆنێمی ژێرە /يٚ/ و /ێ/ لە کۆتایی کرداری ڕانەبوردووی یەکجارەکی و فرەجارەکی:

| یەکەم کەسی کۆ | دووەم کەسی کۆ | یەکەم کەسی کۆ | دووەم کەسی کۆ |
| --- | --- | --- | --- |
| کەرميٚ : دەکەین | کەرديٚ : دەکەن | کەرمێ : دەکەینەوە | کەردێ : دەکەنەوە |
| موەرميٚ : دەخۆین | موەرديٚ : دەخۆن | موەرمێ : دەخۆینەوە | موەردێ : دەخۆنەوە |
| بەرميٚ : دەبەین | بەرديٚ : دەبەن | بەرمێ : دەبەینەوە | بەردێ : دەبەنەوە |
| چڕميٚ : بانگدەکەین | چڕديٚ : بانگدەکەن | چڕمێ : بانگدەکەینەوە | چڕدێ : بانگدەکەنەوە |
| کڕنميٚ : دەکڕێنین | کڕنديٚ : دەکڕێنن | کڕنمێ : دەکڕێنینەوە | کڕندێ : دەکڕێننەوە |
| ورنميٚ : دەخورێنین | ورنديٚ : دەخورێنن | وڕنمێ : دەخورێنینەوە | ورندنێ : دەخورێننەوە |
| مڕەميٚ : ڕادەکەین | مڕەمديٚ : ڕادەکەن | مڕەممێ : ڕادەکەینەوە | مڕەمدێ : ڕادەکەنەوە |

<u>چەند نموونەیەکی دیکە لە باری تاکناوی (ڕەگەز نێر) و (ڕەگەز مێی ناوازە) و (کۆناو)</u>

هێڵێ : هێلکەیەک ، هێڵە : هێلکە ، هێڵيٚ : هێلکان

خێڵێ : خێڵێک ، خێڵ : خێڵ ، خێڵيٚ : خێڵان

بێڵێ : بێڵێک ، بێڵە : بێڵ ، بێڵيٚ ، بێڵان

هێڕێ : هێڕەیەک ، هێڕە : هێڕە ، هێڕيٚ : هێڕان

چێڵێ : ماکەوێک ، چێڵی : ماکەو ، چێڵيٚ : ماکەوان

بەو جۆرە دەبینین، بە نەبوونی پیتێکی تایبەت بۆ فۆنێمی ژێرە /يٚ/ تەواوی ئەو جووتواژانە لەو بارە کردارییانەدا تێکەڵدەکرێن و واتایان دەشوێت. کاتێک ژێرە بە هەڵە بە [ێ] بنووسرێت و /ێ/ هەر بە [ێ] بنووسرێت، لە ئایەندەیەکی نزیکدا ژێرە [يٚ] بە [ێ] دەخوێندرێتەوە و دواجاریش هەر بە [ێ] گۆدەکرێت.

ئەگەر لەوەش بگەڕێین، ئەم فۆنێمە /ڀ/ بەس واتای جووت-واژەکان جیاناکاتەوە، بەڵکو بە ڕادەیەکی زۆر گرفتی بزۆکە چارەسەر دەکات، چونکە ئەگەر بە وردی و هەستەوەری فۆنۆلۆژییانە لە برگە بێزوێنەکانی سەرەتای واژەکان گوێڕادێرین، لەنێو ئاخاوتنی هۆرامی و ...تد زیاتر لە سۆرانییەکە دەنگی شێوە ژێرەیەک (کەسرەیەک) هەستپێدەکرێت.

بەکارنەبردنی دوو پیتی جیاواز و تایبەت بۆ ئەو فۆنی بۆرە : ئۆ [ۊ] و فۆنی ژێرە : یِ [ڀ] گەورەترین مەترسییە بۆ شێوانی ئاخاوتنی هۆرامییانەی نەوە تازەکان لە ئێستا و داهاتوودا. بەکاربردنی ئۆ [ۊ] و یێ [ێ] لەجیاتی (بۆرە) و (ژێرە)، دەبێت بە خۆلەنێوبەری ئۆتوماتیکییانەی درووست ئاخاوتنی هۆرامی (هەڵەنووسین + درووست-خوێندنەوەی هەڵەنووسین = هەڵەئاخاوتن). بێجگە لەوەش، لەنێو ئاخاوتنی هۆرامی هەم فۆنێمی /ۆ/ هەیە و هەم /ۊ/ ، هەم /ێ/ هەیە و هەم /ڀ/، هەر چوار فۆنێمەکە جووتواژەکان لە یەکدی جیادەکەنەوە و واتای دیکە دەبەخشن و وەک پاشگری ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار و کرداران ڕۆڵی ڕێزمانیی گرنگیان هەیە. لەوەش زیاتر، جیاکردنەوە و جیاوازییەک کە فۆنێمەکانی /ۆ/ ، /ۊ/ ، /ێ/ ، /ڀ/ لەنێو ئاخاوتنی هۆرامی درووستی دەکەن، هەرگیز ( ڕ) و ( ر) ، ( ڵ) و ( ل) بەو ڕادە درووستی ناکەن، چونکە فۆنێمی /ۊ/ و /ڀ/ لە جیاکردنەوەی ڕەگەزە ڕێزمانییەکە ڕۆلێکی گەورە دەگێڕن!

---

١. /ڀ/ لەنێو ئاخاوتنی گشت دیالێکت و سەبدیالێکتەکانی هۆرامی سەرتاسەری هۆرامان بوونی هەیە. ئەو فۆنێمە/فۆنە پێشتر لەنێو خوێندنی حوجرەیی بە "چپرە : ژێرە" ناوبراوە. لەنێو ئاخاوتنی کورمانجیش هەیە و لەنێو ڕێنووسی لاتینی (i) بۆ دانراوە، بەڵام لەنێو ڕێنووسی ئارامی/عەرەبی لەبەرچاونەگیراوە، نموونە: واژەکانی ( د [دڀ] ، ژ [ژڀ] ، ل [لڀ]، ..تد

لێرەدا ئاماژدان بە فۆنێمی /ێ/ و هێنانەوەی نموونە لەبارەی ئەو، بەس بۆ نیشاندانی جیاوازی نێوان [ێ ] و[ڀ] بوە، کە لە هۆرامانی ئەودیو (خۆرهەڵاتی کوردستان) لەژێر کاریی خوێندن بەس بە فارسی و نەخوێندنی ئەلفابێتی سۆرانی/کورمانجی، ئەوان بۆ نووسینی هەر دوو فۆنێمی یێ /ێ/، ژێرە/ڀ/، بەس (ێ) بەکاردەبەن.

* جووتۆکە واژە minimal pair، ئەکادێمیای کوردی د. وریا عومەر ئەمین.

** بۆ بەدیکردنی نموونەی زۆرتر لەبارەی بوونی هەر دوو فۆنێمی ژێرە /ڀ/ و /ێ/، فەرهەنگی هۆرامی –سۆرانی (ۊەرقوڵ) نووسینی مامۆستا جەمال بێدار سەرنجبدەن، پڕە لەو جووتواژانە. لینکی داگرتن و خوێنەوە فەرهەنگی هۆرامی –سۆرانی (ۊەرقوڵ) لە کوردیپێدیا
https://www.kurdipedia.org/?q=20190521160331289227&lng=1